تاهیر سالح سەعید

# کانیاو

کانیاوێکی ڕوون و بێگەرد لە دەمێکەوە لە لاری‌یەکدا هەڵئەقولا . ڕێبوارەکانی گوندەکانی دەوروپشت بەرەو پیری ئەچوون و بینیان پێوە ئەنا . تا تینیوتیان ئەشکاو ، ماندوێتیان دەرئەچو .

لەپڕ کانیاویان لێ ووشک کردن . بە ووشک بوونی کانیاو ڕێبوارەکان و منالەکانی گوندەکانی دەوروپشت ، مات و دڵتەنگ بوون . بڕیاریان دا ئەسرەوون تا بۆ جارێکی کە گیان بە بەری کانیاوە ڕوون و سازگارەکەی سەرەڕێدا ئەکەنەوە .

بۆ ئەمە جارەهای جار کۆبوونەوە ، ڕاوێژیان بە یەکتری کرد . ئەنجام بڕیاریان‌دا کە زەوی هەڵدڕن زەوی هەڵکەنن ، هەتا بەسەر چاوەی کانیاوەکە ئەگەن .

ڕۆژێک و دووان و سیان و دە زەویان هەڵدڕی ، گلیان دەردا بەردیان دەرهێنا . بەلام هەر بە سەرچاوەی کانیاو نەگەیشتن .

نەریمان بە هاوڕێکانی ووت :

* **چەند ڕۆژە ئێمە زەوی هەڵئەدڕین بەسەر چاوەی کانیاو نەگەیشتین . خالە مەحموو ووتی :**
* **پەلە مەکەن ، هیچ شتێک بە پەلە کردن مەیسەر نابێت . هەریەکەیان لای خۆیەوە بیری ئەکردەوە . دووای تاوێک لەپڕ نەریمان ڕووی کردە هاوڕێکانی و پێی ووتن**
* **گوێ بگرن ، دۆزیمەوە . ئا چاک گوێم لێبگرن . بۆ ئێمە داوای یارمەتی لە هەوری هاوڕێمان ناکەین .**

**خالە مەحموو ووتی :**

* **قسەی ڕاست ئەمەیە . با بێین داوای یارمەتی لەهەور بکەین . هەور پێی خۆشە یارمەتی هەموو کەسێک بدات .**

هەموو پێکەوە هاتنە سەر قسەکەی نەریمان و کەوتنە چاو گێڕان . هەریەکە لە لای خۆیەوە بە دووای پەلە هەورەکاندا . زۆر چاویان گێڕا لە پەلە هەورێک بەولاوە کە بەرز بە ئەیڕوانی‌یە ئەمان پەلە هەورێکی تریان نەدی .

هەموو بەیەک دەنگ بانگی پەلە هەورەکەیان کرد . پەلە هەور لە بانگە بانگی ئەمان بە ئاگا هات . سەرەو خوار هات تا لێیان نزیک بووەوە . ئەوسا ڕێبوارەکان و منالەکانی گوندەکانی دەوروپشت . بەسەرهاتی کانیاوەکەیان بە ووردی بۆ پەلە هەورەکە گێڕایەوە . پەلە هەور گوێی بۆ قسەکانیان ڕاگرت و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا پێی ووتن :

* ئێوە لەسەر پاکردنەوەی کانیاوەکە بڕۆن . بێ ئەوەی ئەوەندەی تۆزێک ماندوو بوون بزانن . منیش بە هەموو یارمەتی‌یەک لەگەڵتانا ئەبم .

پەلە هەورەکە ئەمەی پێ ووتن و لێی‌دا ڕۆیشت . ڕۆیشت و بەرز بووەوە هەتا ئەوەندەی تۆزێکی لەبەرچاوی ئەمان مایەوە .

ڕێبوارەکان و منالەکانی گوندەکانی دەوروپشت بۆ جارێکی کە خۆیان کۆکردەوە . مەچەکیان لێ هەڵمالیەوە . کەوتنەوە هەڵکەندن و دەردان تا گەیشتنە نێوان دوو بەردی زل زل .

لەوێدا وەستان ، پاچ و خاکە نازەکانیان دانا . لایەوە وەستان و سەریان هەڵبڕی . ڕووانیان وا هەر پەلە هەورەو بۆلای یەکتری ئەچن . بۆلای یەکتری ئەچن و تایەت یەک ئەگرن و زلتر ئەبن . زلتر ئەبن و بەرەو خوار ئەبنەوە .

کە پەلە هەورە یەکگرتوەکان گەیشتنە سەر سەری ئەمان بانگیان لێ کردن :

* توند توند گوێی خۆتان بگرن .

هەریەکەیان لای خۆیەوە بە هەردوو لەپی دەستی توند توند گوێی خۆی گرت .

ئیتر پەلە هەورە توورەکان زیاتر چوونە پاڵ یەک و ، بە هەموو هێزیان گرمانیان و بروسکەیاندا . گرمەو نالەیان زەوی وەک بێشکە هێناو برد بە هێنان و بردنی زەوی کانیاوەکە لە نێوان هەردوو بەردە زلەکەوە تەقی‌یەوەو پڕ بە پڕی خۆی ئاوی فڕێ‌دا ئاوی کانیاو ووردە ووردە ڕوون بووەوە . چی پیسی هەبوو لەگەڵ خۆیدا بردی . ئەوسا ڕێبوارەکان و منالەکانی گوندەکانی دەوروپشت . یەک لە دووای یەک بینیان پێوەنا تا تینیوێتی ئەمان و تینیوێتی کانیاوەکە شکا . ئیتر پەلە هەورە یەکگرتوەکان ئەویان بەجێ هێشت و ڕووەو قوولایی ئاسمان چوون . تا فریای ئەو کانیاوانەی تر بکەوون کە ووشک ئەکرێن . بۆ ئەوەی بۆ جارێکی ترو هەتا هەتایە گیانیان بەبەرا بکەنەوە .

**ماسی‌یە ووردەکان**

ماسی‌یەکی زل لە گۆمێکی شین‌دا بە فیزێکەوە ئەسووڕایەوەو

هاتوو چۆی ئەکرد . بە چـوار دەوری خۆیـدا ئەیـڕوانی . لە دوورەوە کۆمەڵێك ماسی بچکۆلەی دی کە لە یەکتری کۆبوونەوە . ماسی یە بچکۆلەکان هەرکە لە دوورەوە چـاویان بـەو ماسی یـە گەورەیە کەوت . ترسان و هەریەکەیان بە لایەکدا تێ ی تەقان . تەنیا ماسی یەکیان نەبێت کە لەبەر لووتی ماسی یە گـەورەکەدا وەستاو نەڕویشت و نەجوولا .

ماسی یە گەورەکە ئەمەی بەلاوە سەیر بوو . لە ماسی یە بچکۆلەکە چووە پێشەوەو پێ ی ووت :

* ئەبینم تۆ وەك ماسی یە بچکۆلەکانی هاوڕێت نەبوویت . ئەوان هەرکە چاویان بەمن کەوت هەریەکەیان بە لایەکدا ڕایان کرد .

ماسی یە بچکۆلەکە پێ ی ووت :

* چ پێویست ئەکات لێت بترسم .

ماسی یە گەورەکە بە تووڕەیی یەوە پێ ی ووت :

* ئەی لەوە ناترسی بتخۆم ؟ .

ماسی یە بچکۆلەکە بێ ئەوەی خۆی تێك دات پێ ی ووت :

* هەرگیز لەوە ناترسم . بەلام ئەی تۆ تەریق نابیتەوە لەوەی کە من و ماسی یە ووردەکانی هاوڕێ ی من لێت بترسن .

ماسی یە بچکۆلەکان لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و ووتی :

* سەیرە ماسی بۆ لە ماسی بترسێ . کە هەردووکیان هەر ماسی بن . ماسی یە گەورەکە لە قسەکانی ماسی یە بچکۆلەکە حەپەسا . بیری کردەوە لە دڵی خۆیدا ووتی :

* قسەکانی ئەم ماسی یە بچکۆلەیە زۆر لەڕاستی یەوە نزیکن . وایە بۆ ئێمەی ماسی گەورە ماسی بچووك بخۆین . ئایا ئەوان لەئێمە نین . یان کەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمە کە وەك ئێستای ئەمان بچووك بووین پێمان خۆش بووە کە ماسی یە گـەورەکان بمان خۆن . ئەوسا ماسی یە گەورەکان ئێمەیان بخواردایە ، ئێستا لەکوێ ئەبووین بەم ماسی یە گەورەو زەبەلاحەی کە ئێستا هەین ؟ .

ماسی یە گەورەکە ماسی یە بچکۆلەکەی بەجێ هێشت . لە دڵی خۆیدا هەر بیری لە قسەکانی ماسی یە بچکۆلەکە ئەکردەوە . دووای ئەوەی چوە سەر قسەکـانی ماسی یـە بچکۆلەکـە ، بڕیاریدا هەتا هەتایە واز لە خواردنی ماسی یە بچکۆلەکان بهێنێت و بەهەر ماسی یەکی گەورەش بکات ، ئەو دەرسەی ماسی یە بچکۆلەکە فێری ئەمی کرد ئەمیش فێری ئەوی بکات

# گوێچکە ماسی

وابزانم پێویست بەبیرخستنەوە ناکـات ، چونکـە یادی ئەوئێوارەیە هەرگیز لە بیرم دەرناچێ .

ئێوارەیەکی پایزی باراناوی بوو ، کە لەگـەڵ باوکمـا لە یەکێك لە شەقامە چڕەکانی پایتەختە فراوانەکەدا وەستابووم ، هەستم بەگێژ بوونێکی زۆر ئەکرد ، هیچ ئازارێکی ڕاستەوخۆم نەبوو ، بەڵکو پێکانم هیلاك بووبوون و ، سەرم بەکزی بەسەر ملما کەوتبوو . ووشەکانیش لەناو گەروما تاسابوون ، هەستم ئەکرد کەئێستا . یاساتێکی تر لەسەر لێواری شۆستەکە ئەکەم و لە هۆش خۆم ئەچم .

باوکم بەتەنیشتمەوە لەسـەر شۆستـەکە وەستـابوو ، بەپاڵتۆ کۆنە هاوینە کەی و کڵاوە خەتخەتە کاڵەوە بوەکەی ، قاچەکانیشی بەتاکەوتاکی کردبووە ناو کەوشە زلەکانیەوە .

خـۆشەویستیم بـۆ ئەم پیـاوە ، نیمچە خـوێندەوارە ، هەژارە ، بەپاڵتۆ هاوینەکەیەوە ، کـە ڕۆژێك لەڕۆژان ڕازاوەو نۆێبوو ، تائەهات ، زیاتر ئەبوو ، هەرچـەن ئەو پـاڵتۆکـەی کـۆنتـرو چڵك هـەڵگرتـوتـر بـوایـە ، من ئـەوەنـدە زیـاتـر خۆشم ئەویست .

پێش ئەو ئێوارەیە ، بە پێنج مانگ لەوەبەر هاتبوە نـاو پایتەختە گەورەکەوە ، بۆ ئـەوەی بگەڕێت بـەدوای کارێکـدا نوسیارێك (کاتب) ئەو پێنج مانگەی لە شەقامەکانی ئەو شارەدا وەك ئاوارە بەسەر بردبود ، لەو ڕۆژەشدا هەموو توانای خۆی کۆکردبوەوە ، بۆ دەست پانکردنەوە لە خەڵکی ! ! .

لەبەردەممـاندا ، خانویەکی سێ نهۆمی بەرز بـوبوەوە و لەسەر ئەوپارچە تـەختەیـەی بەروکـاریدا هـەڵواسرابـوو ،